دكتۆر محمد خۆشناو لە چاوپێكەوتنێكی تایبەت بە لێدواندا

من لەبەر ئەوە نامەوێت، موقابەلە بكەم، چونكەحەزم لە خۆدەرخستن نیە و من دەبێت دیفاع لە خۆم بكەمو دیفاعەكەی منیش دەبێتە تۆمەتباركردنی كەسانیتر

ئا: هێڤار

ئەگەرچی ئەو زۆر خۆی بە دوور دەگرێت لە دیداری رۆژنامەنووسیو گلەیی زۆریشی لەو نوسینانە هەیە كە لە سایتەكانی ئینتەرنێت بلاو دەكرێنەوە، بەڵام بۆ رۆژنامەی لێدوان ئامادەیی هەبوو قسە بكاتو سەرەتا دەربارەی بیرۆكەی دروست كردنی دەزگای پێشمەرگە، كە ئایا چۆنو لەكەیەوە ئەو دەزگایە دامەزراوەو كارەكانی چیە؟ وتی: دەزگای تەندروستی پێشمەرگە بیرۆكەیەكی نوێ نیە، بەڵكو لە ساڵەكانی پێش راپەرین لە شاخ دروست بووە, ئەو كات لەناو چەرزگار كراوەكانی كوردستانو دێهاتەكان, چارەسەری نەخۆش دەكرا، دواتر توانرا نەخۆشخانە دروست بكرێتو چەندەها پێشمەرگە لە نەخۆشی رزگار بكرێتو خەڵكی دێهاتەكان سوودی لێوەربگرن، تاكو ساڵی ١٩٨٨ و كشانەوەی هێزەكانی پێشمەرگە بۆ سەر سنوور، ئەم دەزگایە وەك پێویست نەما، بەڵام دوای ساڵی ١٩٩١ و راپەرینی خەڵكی بە شكۆی كوردستانو رزگار بونی شارو شارۆچكەكانی كوردستان، دەزگای تەندروستی كوردستان كە ئەركی دەزگای تەندروستی پێشمەرگەی دەبینی لە شاخو وەك دەزگایەكی خێرخوازی دەركەوت، لە رووی ئاوو پێداویستی پزیشكیو هاوكاری تری تەندروستی، پاشان پێویستی كرد كارەكانی ئەو دەزگایە چڕتر بكرێنەوەو فراوانتر بكرێت، بەتایبەتیش بۆ پێشمەرگەو كەسوكاری شەهیدە سەربەرزەكانمان، بۆیە لە ساڵی ١٩٩٣ لە هەولێر بە شێوەیەكی سەرەتایی نەخۆشخانەیەك بۆ كەسوكاری شەهیدانو پێشمەرگە دروست كرا، تاكو ساڵی ١٩٩٦ ئیتر بە هۆی ژمارەیەكی زۆری نەخۆشو خەڵكی ئاوارەو پێشمەرگەو كەمی شوێنی عیلاج، دووبارە بیرۆكەی نەخۆشخانەی شۆرش دەستی پێكردەوە، ئەوەبوو لە سەنتەرێكەوە دەستمان پێكردەوە، بۆ ئەو پێشمەرگانەی كەمئەندام بوون، بۆ ئەوەی هەم چارەسەر بكرێن، هەمیش شوێنی حەوانەیان بۆ دابین بكرێت، دوای ئەوە توانیمان بنكەیەكی تەندروستی دروست بكەین بۆئەوەی وێرای هێزەكانی پێشمەرگە، كەسوكاری شەهیدانی تێدا عیلاج بكەین، ئیتر وردە وردە بەرەو پێش چوو بووە نەخۆشخانەی شۆرشو ناوبانگێكی زۆری پەیدا كرد، دواتر لەسەر فەرمانی جەنابی مام جەلال و داواكاری زۆری رێكخراوە ناحكومیو دەزگا حكومیەكان, ئەوانیش لەو دەزگایە چارەسەر دەكران، دواتر لەسەر ئەو سومعە باشە، گەشەی زیاتر بە نەخۆشخانەی شۆرش درا، تا لە شارو شارۆچكەكانی تریش كرایەوە، بە تایبەت لە چوارقورنە, تاسلوجە, شارەزوور, لە شاری سلێمانیش نەخۆشخانەیەك هەبوو، كرا بە سێ دانە، تاكو من پۆستی وەزارەتم وەرگرت، دوای ئەوەش نەخۆشخانەكان هەر بەردەوام بوونو منیش لە وەزارەتەوە هاوكاری باشم دەكردن، بە تایبەتی لە بواری ئامێرو پێداویستی ترەوە، چونكە ئیمكانیەتی حزبو فەرماندەیی گشتی بەو شێوەیە نەبوو، كە بتوانێت هەموو ئەو ئامێرو پێداوستیانە دابین بكات, بیرۆكەیەكی تر ئەوە بوو كە نەخۆشخانەی شۆرش، سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە بوو، لە هەمانكات وەزارەتی تەندروستی وەكو پێویست نەیدەتوانی پێداویستیەكانی دابین بكاتو ئیتر بۆ ئەوەی باشتر سەرپەرشتی بكرێتو باشترین كەلوپەلی بۆ دابین بكرێت، دواتر لە ساڵی ٢٠٠٠ و لەسەر فەرمانی بەڕێز مام جەلال، بریار درا شارێكی پزیشكی لە جیاتی نەخۆشخانەی شۆرش دروست بكرێت، ئێمەش لە پێش ماوەیەكەوە كارمان لەسەر كردو توانرا یەكەم نەخۆشخانە لەو شارە پزیشكیە تەواو بكرێت، ئێستاش ئەو دەزگایە لە كارو بارەكانی بەردەوامەو دەشخوازین لەهەموو شوێنەكانی كوردستان نەخۆشخانەمان هەبێت، هیوادارین لەگەڵ یەكگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە بتوانین لە هەولێرو دهۆكیش هەمان نەخۆشخانەمان هەبێت، مەبدەئیەن هیچ بەربەستێك نیە بۆ پێشختنی ئەو نەخۆشخانەیە، بۆ شوێنەكانی تریش، بەڵام خەڵكی پسپۆڕو باشو شارەزا، لەو دەزگایەدا كاربكەنو وردە وردە گەشەی زۆر باش بكات، لەو رۆژانەی داهاتووش ئەوەی چوارقورنە تەواو دەبێتو دەكرێتەوە، چەند مانگێكی تریش هی تر تەواو دەكرێنو دەكرێنەوە، ئێستا كار لەسەر نەخۆشخانەی نەشتەرگەری دڵ دەكەین، لە قەلاچۆلانو لە مەرحەلەی تەجهیزیدایینو هەیكەلەكەی تەواو بووە، نەخۆشخانەی باوەنوریش تەواو بووە، تەنها كاری ناو بیناكەی ماوە بۆ رێكخستنیشی بەرنامەشمان هەیە، بۆ هەموو كوردستان بەو جۆرە كار بكەینو خزمەت بكەین.

پرسیار: پەیوەندیتان لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی چۆنە ؟

وەڵام: پەیوەندیمان زۆر باشە، وەكو دەزگا هاوكاریان دەكەینو تاكو ئێستا درێغیان نەكردوە لەوەی هەیانبووە لە دەرمانو پێویستی ئەو كاروبارانەی كە پێویستیمان پێی بووە، بەڵام دواجار ئەوانیش كەموكوڕیان هەیە لە زۆر شت.

پرسیار: كەموكوڕی لە چیدا ؟

وەڵام: وەكو دەرمانو پێداویستی پزیشكی، بۆیە ئەوان ئەوەی هەیانبێ بەشی خۆشیانو ئێمەشی لێدەدەن، بەڵام ئەوانیش كەموكوریان هەیە، ئێمە هاوكاری باشمان هەیەو زۆرێك لە دكتۆرەكانی ئێمە، لەوێ كار دەكەن، یان هی ئەوان لە لای ئێمە، ئیتر پەیوندیەكەمان باشە.

پرسیار: ئایا كارتان نەكردوە بۆئەوەی دەزگای تەندروستی بچنە سەر حكومەتی مەركەزی، بە تایبەت كارمەندان، كە تاكو ئێستا لەچاوەڕوانی ئەوە دان، كە موچەیان بخرێتە سەرئەوێو دەزگاكە هاوكاریەكانی لەوێ وەربگرێت؟

وەڵام: ئێمە هەر لە سەرەتاوە هەوڵمان داوە دەزگاكە ببێتە دەزگایەكی یەكگرتوو لە كوردستاندا، هەروەها من خۆم سەردانی بەغدام كردوە بۆ ئەو مەسەلەیە قسەم لەگەڵ كردوون، بەڵام خۆت دەزانی ئەو دەزگایە تا ئێستا سەر بە پێشمەرگەیەو سەر بە حكومەت نیە، راستە ئیمكانیاتو شتەكانی لە حكومەتەوەیە، لەبەرئەوە ئێمە چاوەروان دەكەین هەم وەكو پێشمەرگە موچەیان لە وێ بۆ بێت، هەمیش ئێمە ئامادەكاری خۆمان كردوە ئامارمان كردوەو داوامانەتە فەرماندەیی گشتیو وەزارەتی پێشمەرگە.

پرسیار: چەند كارمەند لە دەزگاكەی ئێوە كار دەكەن ؟

وەڵام : لە كاتی ئێستا نزیكەی هەزار كارمەندمان هەیە.

پرسیار : ئامارێكتان لا هەیە بۆ رێژەی سوودمەندانتان؟

وەڵام: بەڵێ ئێمە مانگانە ئامارمان هەیە، هەر لە ساڵی ١٩٩٧ وە ئامارمان هەیەو ماومانە، هێندێك جاریش بڵاومان كردۆتەوە، هەرچەندە ئێستا بەداخەوە ئامارەكەم لەبەر دەستدا نیە، بەڵام بۆ نمونە دوێنێ ٣١ عەمەلیات هەبووە.

پرسیار: بە پێی زانیاری لێدوان، لە لایەن سەرۆكایەتی هەرێمەوە، هەوڵێك هەیە بۆئەوەی ئەو دەزگایە بخرێتە سەر سەرۆكایەتی هەرێم.

وەڵام: بەڵێ ئێمە وەكو باسمان كرد هەوڵمان هەیە نەك سەرۆكایەتی هەرێم، بەڵكو مەبەست لەو هەیئەتە فەرماندەیی گشتیە، كە جەنابی كاك مەسعودو كاك كۆسرەت، سەرۆكایەتی دەكەن، ئێمە دەمانەوێت سەر بەو هەیئەتە بین, كارەكەش بەو شێوەیەیە تا ئێستاش تەنها قسەی لێكراوە بەڵام ئەنجامی باشی هەبووە.

پرسیار: ماوەیەكە لە سایتەكانی ئینتەرنێت بەردەوام بابەت لەسەر جەنابت دەنوسرێت، ئێمە نایەینە ناو كرۆكی بابەتەكانەوە، بەڵام دەپرسین، تۆ خۆت ئەم بابەتانەت بەرچاو دەكەوێت، راو بۆچونت چیە لە بارەیانەوەو وەڵامت چیە بۆیان؟

وەڵام: من ئەوەی راستی بێت، لە سەرەتا كۆمەڵێك بابەتم دەخوێندنەوە، پێم وابوو ئەوانە خەڵكی زۆر دڵسۆز دەیانوسن، بەڵام بەداخەوە زۆرێك لەو بابەتانە لە ئەدەبو ئەخلاقی رۆژنامەنوسی دەردەچنو پیاو پێی عەیبە بیانخوێنێتەوە، بەڕاستی دوای ئەوە بە هیچ شێوەیەك سەیریان ناكەم، ئەگەر بڕادەرەكانم بڵێن وا نوسراوەو پێم بڵێن, بەڵام ئێمە لە سەرەتادا دەیان جاریش وەڵامم داونەتەوە، بەداخەوە وەڵامەكانی ئێمە بڵاو نەدەكرایەوە، یان وەك پێویست ئاماژەی پێندەدرا, ئێستاش من تەنها دەتوانم ئەوەندە بڵێم كە هەر رۆژنامەنوسێك بیەوێت شت بنوسێتو دڵسۆزی گەلەكەی بێت، دەتوانێت بێت لە نزیكەوە لە راستیەكان تێبگات, راستیو ناراستی وەك خۆی ببینێت، تا ئەو خۆی وەڵامی بداتەوە، كە راستە یان نا، بۆ نمونە یەكێك لە رۆژنامە بەناوبانگەكانی ئەم وڵاتە هاتە لامو چەند بابەتێكی باس كرد، منیش وتم موقابەلە ناكەم، بەڵام بۆ دلنیایی كۆمەڵێك بەڵگەنامەم نیشان دا، ئیتر ئەو دوای بینینی بەڵگەنامەكان رای گۆڕا. بۆیە من بە دلنیاییەوە پێت دەڵێم، هەموو ئەو بابەتانەی كە لە ئینتەرنێت لەسەر من بڵاودەكرێنەوە تەشهیرنو دوورن لە راستیەوە, چەند كەسێكی مەسلەحەتچین كە پێشتر لە بەرژەوەندیان دراوە، یاخود ئەو وەزعانەی كە تۆ لە كوردستان، یان كە بواری حزبیو حكومی دەبینی، ئەوەیە هۆكارەكەو ئامانجی شكاندنی لە پشتەوەیە، نەك دڵسۆزی، من دەتوانم هەموو راستیەكان بگەیەنم خەڵك، بەڵام زۆر جار خۆشمان لەوە بە گەورەتر دەزانین بێینە ئاستی ئەو جۆرە كەسانە .

پرسیار: بیرمە كاتێك وەزیری تەندروستی بویت لە كاتی گۆڕانی وەزارەتەكان خەڵك لە كوردستان پێشنیاری ئەوەیان دەكرد كە جەنابت لە پۆستەكەمن بمێنیتەوە، وەك وەزیرێكی سەركەوتوو، بەڵام دواتر گلەیی پەیدا بوو لە دەرەوەی سایتەكانیش, كە لە سەردەمی ئێوەدا هەندێ پرۆژە بە بێ پلانی كراونو بەرنامە نەبووە، یان ئەنجامدانی هەندێ پرۆژەی تەواونەكراو پرسیار لەوە هەیە كە لە سەردەمی ئێوەدا هێندێ كەس ئیستیغلالی ناو وەزارەتیان كردبێت، بۆ بەرژەوەندی خۆیان، هەر لە دەرمان یان هێنانی مەكائین، ئایا ئەو شتانە تا چەند راستن ؟

وەڵام: لەوانەیە ئەوە یەكەم موقابەلە بێت كە لەگەڵ ئێوە بیكەم، چونكە من خۆم حەز ناكەم ئەو بابەتانە وەڵام بدەمەوە، ببورە كە ناتوانم هەموو شتێكت بۆ باس بكەم، چونكە من مەبەستم نیە باسی كەس بكەم, بەڵام تۆ باسی بێ پلانیت كرد، لە كاتێكدا من یەكێك لەو وەزارەتانەی تا ئەوپەڕی بە پلان كارم كردوە، كە چوومە وەزارەت جگە لە هەفتەی یەكەم كە بۆ یەكتر ناسین و پیرۆزبایی بووە، دوای ئەوە من هەستام پلانم بۆ كاركردن دانا وتوومە ئەوە پلانی وەزارەتە بۆ ماوەی ساڵێكو چاپم كردوە، داوام لەجەنابی دكتۆر بەرهەم كردوە كە پلانەكەم تصدیق بكات، دكتۆر بەرهەم وتی گرنگە هەموو وەزارەتەكانمان بەو شێوەیە پلانیان هەبێت، بۆیە من گوتم ئەگەر بارودۆخی سیاسیو دارایی نەگۆڕێ ئێمە ئامادەین، ئەو پلانە جی بەجێ بكەین، مەبەست لە ساڵی (٢٠٠٢)ە، ئێمە لەو كاتەوە بە داتاوە هەموو شتەكانمان بە پلانو بەرنامە بووە، دواتریش زروفی سیاسی ئابووری گۆڕا, رژێمی بەعس روخاو عێراق ئازاد كرا، بەڵام ئێمە وازمان لە پلانەكەمان نەهێنا، رۆژنامەنوسەكان ئاگادارن، چونكە لەو كاتانەدا ئێمە پلانەكانمان بۆ كەنالەكانی راگەیاندن باس دەكردو بۆ خەڵك ئاماژەمان پێدەدا، داوام لێكردوون چاودێری جێ بەجێ كردنی پلانەكەمان بكەن بۆیە ئێمە لەو كاتەش كە بارودۆخەكە گۆڕا، لە كاركردنی خۆمان، نەوەستاین بۆئەوە ئێنعاشمان دروست كرد، فریاكەوتنمان دروستكرد، دواتر خۆمو وەكیل وەزیر بەیەكەوە پلانێكی پێنج ساڵیمان دانا، بە راستی دكتۆرە جینان لەو پلانە زۆر هیلاك بوو، بە شەوو رۆژ كاری دەكرد، ئیتر بە هاوكاری هەموو لایەك پلانێكی پێنج ساڵی تا كۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ گەلاڵە كرا, بۆیە هەر مەركەزێكمان دروست كردبێت بە پلان بووە. من كارێكی شەخصیم نەكردوە، لە شوێنێكیش ئەگەر مدیر ناحیەیەك یان مەڵبەندو ئەنجومەنێك پێشنیاری كردبێت، گفتوگۆمان لەسەر كردوە، ئینجا بە پلان رێكمان خستوەو دروستمان كردوە تۆ دەتوانیت یەك بنكەی تەندروستیم پێ بڵێت، كە لە شوێنێك دروست كرابێتو زیاد بێت، ئێستا بۆ نمونە هەموو خەڵك گلەیی دەكەنو دەڵێن كارەبا نیە، بەیانی ئەگەر وەزیری كارەبا دەیان وێستگەی كارەبای دروست كرد، تۆ دەبێ بڵێیت وەلا ئەوە زیادە ! ئەوەت بۆ دروست كردوە؟ بێگومان شتی وا نابێت، یان ئێستا خەڵك گلەیی دەكەنو دەڵێن مەكتەب نیە، باشە ئەگەر بەیانی مەكتەب زۆر دروست بكرێن، تۆ دەكرێ بڵێیت بۆ مەكتەب دروست دەكەی؟ ئێمە تەعامول لەگەڵ ئینسان دەكەین، نەوەك حەیوان، تاكو بڵێین دەی ئەوە سەد سەر مرد، موشكیلە نیە، بۆیە ئەگەر یەك مندالّ لە گوندێكدا نەمرێتو گیانی رزگاربكرێت، مانای وایە هیچ بنكەیەكی تەندروستی زیاد نیە,ئەگەر بنكەیەك ببێتە هۆكاری رزگاركردنی منداڵێك لە مردن ئەوە ئەو بنەكەیە زیاد نیە، ئێمە بۆ ئەو بنكانە بەرنامەی دابین كردنی ئیسعافیشمان هەبووە، دەتوانن خۆشتان بچن لە ئەرشیفی وەزارەت سەیر بكەنو ببینن، بۆیە وەزارەتی تەندروستی تەنیا وەزارەت بووە كە پلانی هەبووە، بۆ ماوەی پێنج ساڵ، دیارە من دەشمزانی كە ماوەی وەزارەت سێ ساڵە، هەرچەندە من چوار ساڵ مامەوە، لەو روانگەشەوە من دووبارە سوپاسی دكتورە جینان دەكەمو هەموو ئەو بەرێزانەی تریش كە هیلاك بوون، دكتۆر جەمیل، دكتۆر فوئاد بەشێكی زۆر لە مودیر عامەكان، منیش تەنها ئەمرم كردوەو رام هەبووە، خۆم زۆر هیلاك نەبووم، بەداخەوە ئەوە ئەو پرسیارەیە كە خەڵك یان رۆژنامەو سایتەكان دەیكەن كە وەزارەت پلانی هەبووە ! هەموو ئەو مەركەزانەی كە من كردومنەتەوە، لەسەر داوای خەڵك بووە، من ئەوە بۆ ماوەی دوو ساڵیشە لە وەزارەت نەماووم، با نمونەیەكت بۆ بهێنمەوە تۆ خەڵكی رانیەیەتو دەزانی من لەو كاتەی كە وەزیر بووم مودیر ناحیەی سەروچاوە داوای لێكردم كە نەخۆشخانەیەكیان بۆ دروست بكەین, منیش وتم ئێمە لە بەرنامەماندا هەیە، راستە بە پێی زەرورەت هێندێك برگە پاشو پێش خراون، بۆ نمونە نەخۆشخانەی سەروچاوە بە شێوازێكی زۆر باش دروست كرا، پاش ماوەیەك برادەرێك چوو بوو بۆ لای كاك كۆسرەت، گلەیی لێكردبووم كە گوایا ئەو نەخۆشخانەیە لە بەری خۆشناوەكان دروست كراوە، كاك كۆسرەت تەلەفۆنی بۆ كردم گوتم: بەشەرەفم كاك كۆسرەت من شتی وا نازانم كە سەروچاوە دوو بەرەی هەیە بەرەی خۆشناوانو بەرەی بۆلیان، جەماعەتی بۆلیان گلەییان كردبوو، كەلە بەرەی ئەوان دروست نەكراوە!، ئەگەرچی ئەوان كەسانی زۆر باشن بەڵام نەدەچوون بۆ ئەو نەخۆشخانەیە، چونكە لە بەری خۆشناوانە بە هیچ شێوەیەك، بۆیە هەر بە پەلە هەستام لەسەر داوای خۆیان نەخۆشخانەیەكی دیكەم لەبەری بۆلیان دروست كرد، بێ ئەوەی لە بەرنامەكەش دا هەبێت، تا خۆم نەچوومە ئەوێو لە مودیر ناحیەكەم نەپرسی، نەمزانی كێ ئەو شوێنەی هەڵبژاردوە، پێم گوت باشە تۆ بۆ بەری بۆلیانت سەرەتا هەڵنەدەبژارد؟ ئەگەرچی ئێستا من ئەو بنكەیەش بە زیاد نازانم، چونكە ئەویش پێویستی پێیەتی، دیارە من خۆشم لە وەزارەت بوومە، لەوانەیە دەیان هەڵەم كردبێت، بەڵام ئەوە لە میانەی ئیشكردندا بووە، مرۆڤ كار دەكاو هەڵەش دەكا، ئێستاش من لە وەزەرات نیم، تەحەدا دەكەم، ئێستا هەڵەیەكم لەوێ هەبێت، چونكە ئێستا لە وێ نیمو ئیش ناكەم، بۆیە من پێم وایە هەڵەشم كردبێت، یان خەڵكیش ئیستیغلالی منی كردبێت, یاخود یارمەتی خەڵكێكم دابێت، چونكە جیاوازی خەڵكی ئیشكەرو ئیشنەكەر دەكەم، ئەوەش لە چوارچێوەی ئیشدا, گرنگ ئەوەیە میزانیەی ئێمە وەكو وەزارەتەكانی تر بووە، كەچی ئەو هەموو بەرهەمە دەبینی، جگە لەوە من لە رێكخراوەكان هەوڵم داوە, تەنانەت بە عیلاقاتی شەخصی كارم كردوەو شتم پەیدا كردوە، چوار ساڵ لە وەزارەتی تەندروستی بووم، دوو ساڵ وەختی پارە هەبووە, ئەو هەموو نەخۆشخانەیەش دروست كراوە، دەی باشە با نەخۆشخانەیەك لە دوای من دروست كرابێت ! با مەركەزێك لە دوای من كرابێت, با لە ١٠٪ ی ئامێرەكان لە دوای من هاتبن, یەك نمونە بۆتۆ دەهێنمەوە، من ئەو كاتە لە كەناڵەكانی راگەیاندن قسەم كردوەو ووتومە ئەوە ژمارەی تەلەفۆنەكەمە، هەر كەسێك چووە هەر مەركەزێك، یان نەخۆشخانەیەك دەرمان نەبوو، با تەلەفۆنم بۆ بكات. ئەو كاتە مەخزەنەكانی رانیە, هەلەبجە, كەلار, كۆیە, چوارتا, دەربەندیخان, چەمچەماڵ, لەگەڵ سلێمانیش پر كرابوو لە دەرمان، كار گەیشتبووە ئەو رادەیەی كە دەیانووت هیچی تر دەرمانمان بۆ مەكرن, چونكە مەخزەنەكانمان پر بوون. لەوانەیە بڵێن پارەی میللەتی بە خەسار بردووە، بچۆ ئامارێك دەربێنە لەو وەزارەتە، بزانە بایی چەند دەرمان كردراوە, ئەو دوو ساڵەش دەربێنن, بزانن بایی چەند دەرمان كردراوە, بۆ ماوەی ئەو چوار ساڵەی كە من لە وەزارەت بووم، خۆتان ئازادن لەوەی بچن بۆ وەزارەتو ببینن من بایی چەند دەرمانم كریوە، من لەبەر ئەوە نامەوێت، موقابەلە بكەم، چونكە من دەبێت دیفاع لە خۆم بكەمو دیفاعەكەی منیش دەبێتە تۆمەتباركردنی كەسانی تر بەراستیش من حەزم لە مەعمەعەی شەخسی ئتیشەنوجاتی شەخسی نیە

پرسیار ؟ تۆ پێت وانیە ئەو نوسینانەی كە لەسەرت دەنوسرێن، مەسەلە تەكەتول بێت ؟

وەڵام : بە تەئكید وایە, من پێت دەڵێم پەیوەندی بە چیەوە هەیە, یەكەمیان پەیوەندی بە وەزعی ناوخۆی یەكێتیەوە هەیە, لە یەكێتیش ئەو تەكەتولاتەیە كە باسی دەكەین. دووەمیان پەیوەندی بە نەخۆشخانەی شۆڕشەوە هەیە, چونكە ئێمە سیستەمی نەخۆشخانەی شۆڕشمان گۆڕیوە، كۆمەڵێك برادەر لەوانەیە زۆر تێدا هیلاك بووبن، دەست خۆشیان لێدەكەم، بەڵام لەوانەیە كۆمەڵێك برادەر پێیان ناخۆش بوبێت، یان بەرژەوەندیان تێك چوبێت, یان خەڵك دەستی لە پشت دابن، بەڵام ئەگەر ئێمە تەماشای سایتەكان بكەین بەعزێ جار شەخسەكان ببینە كە لەسەریان دەنوسرێت, دەزانی كێیە, چونكە دیارن كە كێ لەسەریان دەنوسێت. روونە كە پەیوەندی زۆریان بە تەكەتولاتەوە هەیە، زۆریشی پەیوەندی بە ناو نەخۆشخانەی شۆڕشەوە هەیە, وەزعی ناو شۆڕشیش حەز دەكەم خۆتان بێن تەماشای بكەن لەگەڵ پێشووتر. بێگومان خەڵكی ناحەز ئەوەی پێ خۆش نیە, هەق وایە ئەوانەی دەنوسن, لە رۆژنامەكان بابەت بنوسن، نەوەك لە سایت، لەبەرئەوەی لە رۆژنامە تۆ دەتوانیت شكایەتی لی بكەیتو بانگی دادگای بكەیت. ساڵێك لە كۆلێژی پزیشكی دەرسێكمان خوێندوە، بە ناوی ئەخلاقی پزیشكی، دڵنیاشم لە رۆژنامەش ئەخلاقی رۆژنامەنوسی هەیە, ئەوەش مەبدەئی سەحافەیە، هەندێك شت هەیە ئیمكانیەتی باشمان هەیە، بۆ ئێمە نەخۆشمان بچێتە ئەوێ؟. ئێستاش وەعد بە تۆ دەدەم ئەو بەڵێنانەی كە بە من دراون بۆ دەزگای تەندروستی، جێ بەجێ بكرێنو موشیكلەی مادیم نەبێت، وەعدت پێدەدەم ئەو نەخۆشخانەیە دوای دوو ساڵی تر، لە عەمانو وڵاتانی تر باشتر بێت، بۆ وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەكە، من وەكو رەسمی هیچ كەس پێیننەوتووم، تەنها ئەوە نەبێت لەولاو ئەولا بیستوومە، بەڵام من لێرەشەوە بە تۆی رادەگەیەنم ئەگەر پێشم رابگەیەنن، من وەزیری تەندروستی ناكەم، بەڵام لەوانەیە سەدان تەلەفۆنم بۆ كرابێت، یاخود بە ناراستەوخۆیی بیستبێتم، من بە ئارەزووی خۆم، وەزیری تەندروستی ناكەم، بەڵكو دەمهەوێت ئەو دەزگایە ببێتە ببێتە دەزگایەك كە لە ئاستی ئەوەدابێت خزمەتی زۆر پێشكەشی پێشمەرگەو كەسوكاری شەهیدەسەربەرزەكانمان هەموو هاوڵاتیان بكات، لە كۆتایشدا سوپاستان دەكەمو لە رێگای لێدوانەوە داوا دەكەم هەر كەسێك جا رۆژنامەنوس بێت، یان خەڵك، ئەگەر شتێكی لا رۆشن نەبوو، دەرگای من والایە بۆ نیشاندانی هەموو شتێك بەبەڵگەوە

> كاك كۆسرەت تەلەفۆنی بۆ كردم گووتم: بەشەرەفم كاك كۆسرەت من شتی وا نازانم كە سەروچاوە دوو بەرەی هەیە بەرەی خۆشناوانو بەرەی بۆلیان .
>
> با نەخۆشخانەیەك لە دوای من دروست كرابێت ! با مەركەزێك لە دوای من كرابێت, با لە ١٠٪ ی ئامێرەكان لە دوای من هاتبن .